Aged care reforms

Australian Government
Aged Care Quality and Safety Commission

# ڕێسای ڕەفتار بۆ چاودێریکردنی بەساڵاچووان

ڕێسای ڕەفتار بۆ چاودێریکردنی بەساڵاچووان باس لەوە دەکات
کە چۆن دەبێت ڕەفتار بکەیت و لەگەڵ خزمەتکراوان مامەڵە بکەیت.
ئەم ڕێسایە ئەم 8 بەشەی خوارەوە لەخۆدەگرێ:

**.A**

ڕێز بگرە لە مافی ئازادیی ڕادەربڕین، چارەنووسی خۆ دیاریکردن، و بڕیاردان بەپێی یاسا و ڕێکەوتننامە کارپێکراوەکان.

**.B**

بە کەرامەت و ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکاندا بکە و بایەخ بدە بە فرەڕەنگیی ئەوان.

**.C**

ڕێز بگرە لە نهێنیی خەڵک.

**.D**

بە شێوەیەکی بێمەترسی و لێهاتووانە، بە هۆشیاری و شارەزاییەوە، چاودێری و پاڵپشتی و خزمەت دابین بکە.

**.E**

بە دروستکاری و ڕاستگۆیی و شەفافیتەوە کار بکە.

**.F**

خێرا هەنگاو هەڵبگرە سەبارەت بە نیگەرانیەکان لەبارەی ئەو بابەتانەی کە ڕەنگە کاریگەری دابنێن لەسەر کوالیتی و سەلامەتی چاودێری و پاڵپشتی و خزمەتەکان.

**.G**

چاودێری و پاڵپشتی و خزمەت دابین بکە، بەدوور لە:

i. هەموو جۆرەکانی توندوتیژی، جیاکاری، ئیستغلالکردن، پشتگوێخستن و سووکایەتیکردن و
ii. بەدڕەفتاریی سێکسی.

**.H**

هەموو هەنگاوێکی گونجاو هەڵبگرە بۆ ڕێگریکردن و وەڵامدانەوەی:

i. هەموو فۆرمێکی توندوتیژی، جیاکاری، ئیستغلال، پشتگوێخستن و خراپ بەکارهێنان و
ii. بەدڕەفتاریی سێکسی.

زۆرتر بزانە:

**کۆمیسیۆنی کوالیتی و سەلامەتی چاودێریی بەساڵاچووان**

agedcarequality.gov.au/providers/code-conduct-aged-care-information-workers